وزارەتی پلاندانان: لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو پارەی بژمارەکانی ڕاپرسی دابەشدەکرێت

ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، سەرجەم ڕکارەکانی کارگێڕی و دارایییەکان تەواو کراون و لەمڕۆوە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاماری پارێزگاکان هەڵدەستن بە دابەشکردنی کارەکانیان و لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوشدا پارەکەیان بۆ خەرجدەکرێت .

وەزارەتی پلاندانان لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوو دوای هەوڵکی زۆر و بەدواداچونی بەردەوام لەلایەن وەزیری پلاندانانی هەرێم و بریکاری وەزارەت، توانرا بەشی شایستەی دارایی تایبەت بە بەڕێوەبەرەکان و یاریدەدەرەکان و بژمارەکان، لە حکومەتی عێراق وەربگیرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، ڕکارەکانی کارگێڕی و دارایییەکان تەواو کراون و لەمڕۆوە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاماری پارێزگاکان هەڵدەستن بە دابەشکردنی کارەکانیان بۆ دابەشکردنی ئەو شایستەی داراییانە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتودا.

ئەوەشیخستەتەو، هێشتا زیاتر لە 13 ملیار دینار ماوەی بنڕدرێت بۆ هەرێمی کوردستان، تایبەت بەو خەرجییانەی فەرمانبەرانی وەزارەت و دەستەی ئامار و بەڵوەبەرایەتییەکانی سەر بە دەستە لە پارێزگاکان و ئیدارەی سەربەخۆکان، سەرباری ئەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی پێ دەرچوە، بەڵام داموودەزگاکانی حکومەتی عێراق کەمتەرخەمی دەکەن لە جێبەجێکردنی، وەزارەتی پلاندانانی هەرێم لە هەوڵی بەردەوامدا دەبێت بۆ وەرگرتنی تەواوی مافەی دارایییەکان کە نەدراون، تاکو مافی فەرمانبەرانی ئامار لە هەرێم نەفەوتێت.